# دوعا تائێستا بەردباران دەکرێت

عبدالله مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

ئەمرۆ نزیکەی 2مانگ بەسەر بەردبارانکردنی دوعا 17 ساڵەدا تێدەپەڕێ، کە تیایدا دەسەڵات(کورد و عەرەب) مەزهەب(سونەو مەسیحی و موسوڵمان، ئێزیدی) خواو یاساو تیرە بەیەکەوە، تەماشاچی وبەشداربوون لە ڕوحکێشانی نائینسانیانەیدا. هەر ئەوئامادەییە هەمەلایەنەش وایکرد کێشەی دوعا ئەوپانتایە لە جەرگەی کوشتاری 16 ساڵە و هەموو ڕۆژەدا، داگیربکات و ببێتە دۆسییەکی تایبەت.

ئەگەر دۆسیەکە تەنها دۆسیەی شەرەف" ناموس پەرستی" بوایە، بێگومان دۆسیەی کەژاڵ خدر زۆرگەورەتر بوو، ئەوانەی دەستیان برد بۆ بڕینی جەستەی کەژاڵ خدر، ویستیان بە ژنانی بڵێن کە ئەمە عیبرەتی ئەوانەیە کە سەری کەلتور و بەرزی ناموس!! نەوی دەکەن.

بەڵام دوومانگ بەرلەئێستا دوعا نەك بەتەنها بەتاوانی خۆشەویستی، بەڵکە هاوکات بەتاوانی هەڵگەڕانەوە لە مەزهەب و عادات و ڕێسای تیرە، بەتاوانی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکی عەرەبزماندا، لەنمایشێکی دەسەڵات و یاساو ئیسلام و مەزهەب وقەوم و تیرەدا، بەردباران و بلۆك بارانکراو، لەخوێن هەڵکیشرا.

لەگەڵ ڕودانی کارەساتەکە، تراژیدیای ئەم مەرگە، لە بەعشیقەو بەحزانیەو شێخان و دهۆك و هەولێرو سلێمانیەوە، لەژێرچاوی کامیراو تەلەفزیونەکان و ڕیزە پەیامنێرەکانیانەوە، لەبەردەم ڕاپۆرت ئامادەکەرەکاندا، بەبەرچاوی مۆچەخۆرانی دەزگای هەوڵگری و نهێنی بەئەزمونەکانەوە! گەیشتە میدیای دەستەمۆنەکراو.

ئەم ڕووداوە بەدوای خۆیدا، پەروەندەی دینی و قەومی و قڵشتی مەزهەبی لە پانتایی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو کردەوە، هەوڵەکان خرانە گەر بۆ ڕاکێشانی دۆسیەی بەیەکدادانی دینی و قەومی عێراق بۆ کوردستان، تا لەژێرناوی بەرگری لە ئیسلامی محەمەدی و عەلیدا، بکەونە گیانی ئێزیدیەکان و شەیتان پەرستەکان!! لەتۆڵەی کوشتنی کیژۆڵەیەکی بە ئیسلام بوو.

لەو چواچێوەیەدا بوو بەربەریانە کەوتنە گیانی هەزاران ئێزیدی و شوڵی بێحورمەتی و ئیهانەو لەسەرکاردەرکردنی هەزاران ئیزیدی و تەنانەت دەرکردنیان لەناو ئوممەتی موسوڵماناندا!! دەست بۆبردو دەیان کەسیان قەسابی کرد.

سەیر ئەوەبوو تادەنگی ئازادیخوازی، نەفرەتی ئینسانە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکان دانەباری. تا ئەم دەنگە ئینسانییە سنورەکانی نەبەزاند، و نەچووە گەروی دەسەڵات و تیرەو مەزهەبەوە، دەسەڵات و میدیا پارە بۆهەڵڕژاوەکەی مێشیش میوانیان نەبوو. ئەوە کە پاش 20 ڕۆژ کەناڵە

تەلەفزیونەکانیان و ڕۆژنامەکانیان و بەرپرسەکانیان هاتنە قسە، بەجیا لەوەی بەرهەمی گوشاری بەرەی پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگای کوردستان و میدیادەستەمۆنەکراو و گەورەیی ڕووداوەکە بوو، هاوکات هەوڵێکی ناچاری دەسەلاّت بوو بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان و دەنگی ڕەسای ئازادیخوازی و ئینساندۆستی.

ئەوە کە تراژیدیای کوشتنی دوعای لە کوشتاری هەزاران دوعای تر جیاکردەوە، ئەوەی کە دوعا دەبێتە ئیلهام بەخش بۆ دەستبردن بۆ نووسین، ئەوەی دەبێتە سەرمایەو فەنتازیای چەندین شیعرو پەخشانە شیعرو چیرۆك و نۆڤل، دەبێتە مانشێتی دەیان ڕۆژنامە وگۆڤار، دەبێتە هاندەری وەرێخستنی چەندین سمینارو کۆبونەوەی حزبی و جەماوەری، دەبێتە چوارچێوەی چەندین کۆنگرەو کۆنفرانس، بەجیا لە قارەمانێتی" تەکنەلۆژیا" و کامیرا کە ڕووداوەکە دەگوازێتەوەو ئابڕووی شاشە زلەکانی TV دەسەلاّت دەبات، ئەوە ئامادەیی ئەو حەشامەتە بەرد و بلۆك بەدەستەیە، ئامادەیی ئەو مەگدۆستییەیە کە قەومچێتی، تیرەچێتی، دینی پەرستی، مەزهەب پەرستی، یاسای جەنگەڵ، ڕەمزی تیرە، قەواڵ و مەلا، ... دەسەلاّتی پاریزەریانە، کە هەموویان دەست دەوەشێنن، هەموویان قارەمانێتی خۆیان لەجەستەو روحی خۆشەویستیدا تاقی دەکەنەوە، و سەرئەنجام لە ژێرناوی ناموس، هەڵگەرانەوە لە دین و مەزهەب، هەڵگەرانەوە لە قەومچێتیدا، ڕیز نەگرتن لە کەلتور، لە سەرەك تیرە، ڕەوایەتی بەم کوشتنە دەدات و دوعا خەڵتانی خوێن دەکرێت.

بەلاّم ئەوە هەر دوعا نییە سەنگباران دەکرێت، بەڵکە دین و مەزهەب، قەومیگەری" کوردو عەرەب"دین" ئیزیدی و موسولمان"، مەلاو قەوال، هەموویان بەوێنەی جەلادی ژن، بەوێنەی جەلادی ئینسان، ئامادەیی مێژوییان هەیە، و ئەمە تەنها حاڵەتێکی ناوازەی کوشتنە، حاڵەتی مەراسیم سازدان بۆ کوشتن لەدڵی کوشتاری ئەو هەزاران ژنەی لە 16 ساڵی ڕابردودا کوژراون، یان ئەو هەزاران ژنەی لەژێر گوشاری هەزارسەری بێماف و توندوتیژی و داخرانی و داغان بوونی هیواو ئومێددا، ناچارکراون دەستیان بچێتە جەستەی خۆیان و خۆیان بکوژن، خۆیان بسوتێنن، هەموویان بەرهەمی ئامادەیی دەسەلاّتی قەومپەرستی کوردو میلیشیاکانییەتی، بەرهەمی دین و مەلاو مینبەرەکانیەتی، بەرهەمی یاساو ڕیسای دواکەوتوانەی سەرچاوەگرتوو لە ئیسلام و هەموو مەزهەبەکانیەتی، بەرهەمی بە پیرۆزڕاگرتنی دیوەخان و مزگەوت و تەکیەو خانەقاکان وعەشیرەتبازی و تیرەچێتی و هۆزگەرایی ڕەمزەکانیەتی، بەرهەمی ئەو دەسەلاّتەیە کە ناهێلێت وەجاخی پەروەرەدەو فێرکردنی بەعس کوێربێتەوە، بەرهەمی ڕاوەستانەوەی دەسەلاّتە بەرامبەر بە مافە فەردی و مەدەنیەکان، بەرامبەر بە ئازادی و خۆشەویستی و دەریاچەکانی جوانی، بەرهەمی کوشتن و سەنگەرگرتنە لەهەر هیواو ئارەزوویەکی ئینسانی.

تا ئەوکاتەش دین و مەزهەب، قەومچێتی، تیرەو هۆزو ڕەمزەکانیان، ئامادەییان هەبێت لەسەر ژیانی کۆمەلاّیەتی و سیاسی کۆمەڵگا، دوعاکانی کوردستان لەژێر سەنگسارکردندان. لەو ڕۆژەوە کە دوعا

بلۆکباران کراوە، دەیان دوعای تر جەستەیان بەدینبارانکردن و کەلتورپارێزی و شەرفپارێزی، خراوەتە ژێر خاك، ئەگەر بریارِبێت دەنگی وەخەبەرهاتووی ئێستا لەدژی توندوتیژی و کوشتاری ژنان، بەئاقاری کۆتایهێنانیدا بڕوات، ئەوا دەبێت لەوروژاندنی سۆزو ئەخلاقیگەریەوە، لەهەڵچونی دەرونیەوە، لەهەڵوێست بارانەوە، ئەم دەنگ و هێزانە ببنە هێزێکی کۆمەڵایەتی بەهێز بۆ هەڵتەکاندنی بنەماکانی دین و کەلتوری پیاوسالاری. کورتکردنەوەی دەستی دین و و مەزهەب و ڕەمزی دینی عەشیرەتی و هۆزگەرایی لە ژیانی یاسایی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا، کردنی دین و مەزهەب بە کاری تایبەتی ئینسانەکان، ئەمەش جگە لەوەی پێویستی بە کۆنفرانس بەستن و سیمینارگیرانە، پێویستی بەکۆرو ئامادەکردنی یاداشتی ناڕەزایەتی یە، هاوکات پێویستی بەهێزیکی گەورەی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر شەقامەکان و بەردەم پەرلەمان و حکومەتدا ئامادەبێت، تا گوشارێکی گەورەی بەرین و فراوان لەسەر دەسەڵات دروست بکات، کە دەسەڵات ناچاربێت یاساو ڕێسا کۆنەپەرستە سەچاوەگرتووەکان لەدین وشەریعەت، لەکەلتور و عاداتی میللی، جیابکاتەوە و لەجێگایدا یاساو ڕێسای مۆدیرن و مرۆیی جێگەیان بگرنەوە، ئەمە تەنها بە پرۆژەیاسا، بەداواوپاڕانەوە، بەنووسین و سمینارگێران،......مەیسەرنابێت،و پێوستی بەکاری هاوبەشی هەموو ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ژنان و ڕێکخراوەمەدەنییەکان، پێویستی بەکۆبونەوەی هەموو ئەو ئینسانانەیە کە پێکهێنەری بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانن، پێویستی بەڕاکێشانی پشتیوانی ڕێکخراوە ئینساندۆست و مەدەنیەکانی نێونەتەوەیییە، پێویستی بە تێپەڕاندنی کاری کاتی و کەمپەینی و ڕاگوزارە، و پێویستی بەکاری لێکهەڵپێکراوبەردەوام هەیە.

دیارەهاتنەمەیدانی ئەم  بزوتنەوەیە بۆ گۆڕینی یاساو ڕێسا دواکەتوو دژی ژنەکان،  دەبیٚ هاوکات بێت لەگەلٚ بەسزا گەیاندنی هەموو ئەوانەی بەشداربوون لەکوشتنی دوعاو لەمەراسیمەکەیدا هاوبەشیان کردووە، لەدادگایەکی ئاشکراو عادلانەدا. هەروەها گێرانەوەی حورمەت و ڕێز بۆ خەڵکی ئێزیدی و قەرەبوکردنەوەی هەموو زیانە گیانی و مادی و مەعنەویەکانیان خواستێکی ئینسانی یەو دەبیٚ بەسەمەر بگەیەنرێت، خەڵکی ئێزیدی بگەڕێنەوە سەر شوێنی کارو ژیانیان و حورمەت و سەربەخۆییان پارێزراوبێت، دەسەڵات بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لەو ڕاستایەدا.

2007/6/1